# دیمانەی بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب لەگەڵ کاناڵی ئاسمانیی تیشك لەمەڕ ئاکامەکانی کۆنگرەی چواردەهەم

16-07-1387

هەڤپەیڤین: ناهید حوسەینی
سڵاوتان لێبێت بینەرانی بەڕێز، وەك ئاگادارن، چواردەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا، بە درووشمی "گەشەکردنو بەجەماوەریتر کردنی خەبات" هەنگاوی نایە قۆناخێکی دیکە لە خەباتی رزگاریخوازانەی خۆی، بە مەبەستی تاوتوێکردنو بەرچاورووونییەکی زیاتر، گەشتینە خزمەتی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەڕێز کاك مستەفا هیجری .
کاك مستەفا زۆر سپاس بۆ ئەوەی دەعوەتەکەی ئێمەت قبووڵ کرد بۆ بەشداری لەم دیمانەیەدا، سەرتا حەز دەکەم کۆتایی کارەکانی کۆنگرەو سەرکەوتنی کۆنگرەی چواردەی حیزبی دێموکراتو هەروەها هەڵبژاردنی دووبارەی جەنابت بە سکرتێری گشتی حیزب، لێ پیرۆزبایی بکەم .
کاك مستەفا هیجری: زۆر سپاستان دەکەم، منیش سەرکەوتنی کۆنگرە، پیرۆزبایی دەکەم لە بەڕێزتانو لە هەموو ئەندامانو لایەنگرانو دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران .

**پ: ئەگەر ئیجازە بفەرموون، سەرەتا وەکوو چۆنیەتی دەستپێکردنی کارەکانی کۆنگرەو بەڕێوەچوونی چ لە دەروەوەو چ لە ناوخۆ، باسەکەمان دەست پێبکەین؟**

و: لە راستیدا، حیزب لە پلۆنۆمی یازدەهەمی خۆیدا کە لە مانگی رەشەممەی ساڵی رابردوودا پێك هات، بڕیاری بەڕێوەبردنی کۆنگرەی چواردەی داو لەو پێوەندییەدا کۆمەڵێك هەیئەت لە دەرەوەی وڵاتو لە کوردستاندا دیاری کران بۆ ئەوەی کە کارو بەرنامەکانی کۆنگرە ئامادە بکەن، لە کاری کۆنفرانسەکانو هەموو ئەو موقەدەماتو سەرەتایانەی کە بۆ کاری هەڵبژاردنو باقی کارەکانی دیکەی کۆنگرە پێویستن، بە خۆشییەوە هەموو ئەو هەیئەتانەی کە دیاری کرابوون، چ ئەوانەی کە بۆ ئامادەکردنی گەڵاڵەی بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆیی نوێی حیزب، هەروەها راپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندیو باقی کارەکانی کە پێوەندییان بە هەڵبژاردنی کاری کۆنگرەوە بوو، هەموویان بەسەرکەوتنەوە کارەکانیان جێبەجێ کردو بە شێوەیەکی رێكوپێك راپۆرتەکانی خۆیان دایەوە بە دەفتەری سیاسیو ئەوە لە کاتی خۆیدا هەموویان لە کۆمیتەی ناوەندی حیزب دا کەوتنە بەرباسەوەو دوای ئەوە کە پەسند کران، بوون بە بەرنامەی کاری کۆنگرە بۆ ئەوەیکە بەڕێوە بچن. دیقەتی زۆر کرا کە لە فەزایەکی بە تەواوی دێموکراتیکدا کارەکان جێبەجێ بکرێنو کۆنفرانسەکان بەڕێوە بچن، بڕیاراتێك لەوێدا پەسند کرا کە رێگای ئاوەڵە کرد بۆ ئەوەی لە هەموو شوێنەکان کە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی تێدا چالاکن، نوێنەر دیاری بکرێن، لە ئەندامانی دانیشتوو لە کوردستانی عێراقەوە هەتا ئورووپا، هەموو بەڕێوە چوونو دوای ئامادەبوونی هەمووی ئەو بەرنامانە، زۆر بە لەسەرەخۆییو حەوسەلەوە بەڕێوە چوو، کۆنگرە پێك هات، بە بەشداری هەموو ئەو ئەندامانەی کە لە دەرەوەی وڵات، لە کوردستاندا هەڵبژێردرابوون، هاوڕێ لەگەڵ ئەندامانی رێبەرایەتیی حیزب، بە پێی ئەو بەرنامەیەی کە دیاری کرابوون کۆنگرە بەڕێوە چووو بەخۆشییەوە، ئاکامەکانیشی، ئاکامێکی باش بوون، ئەوەی کە راگەیاندراو خەڵکی شاهید بوون .

**پ: با بێینە سەر هەڵسەنگاندنێکی گشتی لە کۆنگرە، پێش کۆنگرەی 14 ئەندامانو لایەنگران یان زۆر کەسو لایەنیتر، هەرکەس لە روانگەیەکی جیاوازەوە چاویان برپیبووە، کۆنگرە، بەڕای جەنابت، کۆنگرە تا چەند توانی وەڵامدەری ئەو چاوەڕوانییانە بێت؟**

و: دیارە لایەنەکان جیاوازییان هەیە، هەندێك لایەن هەبوون کە خەونی زۆر ئاڵۆزو ناخۆشیان بۆ کۆنگرەی حیزب دەدیت، بەداخەوە ئەوانە هەمیشە هەنو رەنگە لە داهاتووشدا هەبن، کۆنگرەو کارەکانی کۆنگرە ئامانجەکانی ئەو توێژەی نەهێنایە دی، بەڵام من پێم وابێ ئەو چاوەڕوانییانەی دڵسۆزانی حیزبو دڵسۆزانی جوڵانەوەی کورد لە کوردستانی ئێراندا، لە کۆنگرە هەبوو، ئەمن پێم وابێ کە ویستو داخوازییەکانی هێناوەتە دیو پێم وابێ هەموو ئەو ئیمکانەی کە لەبەر دەستدا بوو کەڵکی لێ وەرگیرا بۆ ئەوەی کۆنگرەکە بتوانێ ئامانجەکانی خۆی بە باشی بپێکیو بتوانێ دەستی رابگا بەو بەرنامانەی کە پێشبینی دەکرد کە یارمەتیدەر بێت بۆ جووڵانەوەی کورد لە کوردستانی ئێراندا .

**پ: ئێوە مێژوویەکی دوورو درێژتان هەیە لە خەبات لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، خۆتان لە زۆرێك لە کۆنگرەکانی حیزب دا بەشدار بوون، بەڵام باسی ئێمە لەسەر کۆنگرەی چواردەیە، جیاوازییەکانی کۆنگرەی چواردەی حیزب، لەگەڵ کۆنگرەی سێزدەهەمدا لە چیدا دەبینن؟**

و: راستییەکەی ئەوەیە کە هەموو کۆنگرەیەك، کە دەگیرا لە حیزبی دێموکراتدا، لانیکەم ئەوانەی کە من تێدا بەشدار بووم، لە کۆنگرەی چوارەوە هەتا کۆنگرەی چواردە، لە قۆناخی تایبەتی زەمانیدا هەنگاوی بەرەو پێشبوون بۆ جووڵانەوەی کوردو بۆ جولانەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، چونکە زەمانەکان جیاوازییان هەبوو، هەلومەرجی سیاسی لەگەڵ یەکتری جیاوازی هەبووە، رەنگە نەکرێ هەڵسەنگاندنێکی زۆر وردو دەقیق لەو بارەوە ئیرائە بدەین، بەڵام ئەگەر بمهەوێ ئیشارە بە جیاوازییەکی زۆر بەرچاو بکەم کە لە کۆنگرەی چواردەهەم، بە نیسبەتی لانیکەم دوو تا سێ کۆنگرەی کە پێشتری هەبوو، لەگەڵ رێزم بۆ کۆنگرەکانی رابردووش، بەڵام جیاوازییەك، ئەمن بە ئاشکرا دیتم، لەو کۆنگرەیەدا هەستم بەوە کرد کە جۆرێك فەرهەنگ سازیو فەرهەنگی دێموکراتیك لە حیزبی دێموکراتدا دەبێتە بونیادیو بناغە دادەکوتێ. بەو مانایە کە ئەگەر لە کۆنگرەکانی رابردوو بە تایبەتی لە کۆنگرەی سێزدەهەمدا باسەکان لە چوارچێوەی سەپاندنی بیروبۆچوونی کەسێك یان گرووپێك بەسەر ئەوی دیکەدا، جۆرێك شکاندنی تاکەکان لە کۆنگرەدا بەرچاو دەکەوت، لە کۆنگرەی 14دا، بە خۆشییەوە ئەوە بە تەواوی ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتبوو. بەو مانایەی کە لەگەڵ ئەوەی کە باسو وتووێژێکی زۆر لە پێوندی لەگەڵ بەرنامەکانی کۆنگرەو کارەکانی کۆنگرە کرا، بەڵام لەو بەرخوردی بیروبۆچوونانەدا، هەرکەسێك هەستی بەوە دەکرد کە ئەگەر بۆچوونی لایەنەکەی دیکە دروستترە قەبووڵێ بکات، نە ئەوەی کە پێداگرێت لەسەر بۆچوونی خۆی، بۆیە دەبینین کە ئاکامی باسەکانی کۆنگرە لە ماوەیەکی کورتتردا بە ئاکام گەیشتو هەر لەو پێوەندییەدا دەتوانم ئیشارە بەو مەسەلەیە بکەم کە ئەگەر لە کۆنگرەکانی دیکەدا بە تایبەتی لە کۆنگرەی 13دا، کەسانێك بە هەر دەلیلێك دەنگی متمانەی ئەندامانی کۆنگرەیان پێنەدرا، کەوتنە جۆرێك رقەبەریو دژایەتی کردن لەگەڵ کۆنگرەو لە گەڵ ئاکامی کۆنگرەو تەنانەت لەگەڵ حیزبی دێموکرات، کەوتنە دژایەتی کردن لەگەڵ رێبەرایەتی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی 13، لەو کۆنگرەیەدا بە تەواوی پێچەوانە بوو، چونکە

دیتمان لەوێ ئەو کەسانەی خۆیان کاندیدا کردبوو، بەڵام دەنگیان نەهێناوە، هەروەکوو ئەوانەی کە دەنگیان هێناوە، خۆشحاڵ بوون، شاد بوون، لە جێژنی کۆتایی کۆنگرەدا بەشدارییان کرد، چونکە لەوێدا بۆ ئەوان مەبەستەکە ئەوە بوو کە کۆنگرە سەرکەوتووەو سەرکەوتنی کۆنگرە بە سەرکەوتنی خۆیان دەزانی. لە ئاکامدا ئەوەی کە دەنگی متمانەی هێنابووەوەو بوو بە ئەندامی رێبەرایەتیی حیزب، ئەوەی کە دەنگی نەهێنابووەوە، هەموو پێکەوە خۆشحاڵ بوون، هەموو پێکەوە ئومێدەوار بوون، بە هۆی ئەوەی کە هەموویان خۆیان دەدیتەوە لە سەرکەوتنی کۆنگرەدا، نەوەکوو ئەوەی کە دەنگی نەهێناوەتەوە خۆی بە تێکشکاوو ئەوی دیکە خۆی بە سەرکەوتوو بزانێ. ئەو هەستە لە تەواوی پرۆسەی کۆنگرەو دوای کۆنگرەشدا بە خۆشییەوە بە تەواوی دەبینرا، بۆیە لە واقێعدا من ئەوە بە پێشکەوتنێکی نوێو ئاڵوگۆڕێکی نوێ لە فەرهەنگی سیاسی هەم حیزبی دێموکراتو هەم جوڵانەوەی کورددا دەزانم .

**پ: کەواتە بە پێی قسەکانی جەنابت ئەتوانین بڵێین کە بە گیانێکی شۆڕشگێڕانەوە هەموو بیریان لە شایستەسالاری کردۆتەوە، سروشتیە کە دەبێ کەموکوڕی هەر بووبێت، کەمو کووڕییەك لە کۆنگرەدا هەبوو کە بەرچاوی جەنابت کەوتووە پێمان خۆشە، باسی بکەیت؟**

و: راستە هیچ شتێك بە بێکەمو کوڕی نیە، ئەو کەموکوڕییانەی کە من لە کۆنگرەدا هەستم پێکرد، لە پێش هەموو شتێك ئەوە بوو کە کۆمەڵێکی زۆر لە ئەندامانی تێکۆشەرو چالاکی حیزب کە لە نێوخۆی کوردستانی ئێراندا تێدەکۆشنو لە بارودۆخێکی زۆر سەختی پۆلیسیدا ئەرکەکانی خۆیان بەرێوە دەبەن، لە واقێعدا بوونەتە جێگای شانازیو سەربەرزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، نەیاتوانیبوو لە کۆنگرەدا بەشدار بن، دیارە دەلیلەکەشی بۆخۆتان باش دەزانن، مەسەلەی ئەمنیەتیو پاراستنی گیانی ئەو خۆشەویستانەیە کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی هەست بەوە بکات کە ئەوان لە کۆنگرەی حیزبدا بەشدارن، دیارە کە چ سزایەك لە چاوەڕوانیاندایە. بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوەی کە ئەوە وەکوو کەمو کوڕییەك هەستمان پێدەکردو زۆریش حەزمان دەکرد کە ئەو خۆشەویستانە وەکوو باقی ئەندامانی حیزب لە کۆنگرەدا بەشدار بنو مافی خۆیان بوو، بەڵام بێبەش بوون، جێگای ئەوان لە کۆنگرەدا دیار بوو، گومانم نیە کە ئەگەر ئەوان لە کۆنگرەدا بەشدار بووبان، دەیانتوانی کە کۆنگرەکە دەوڵەمەندتر بکەن، ئەیانتوانی بیروبۆچوونی نوێتر، تازەتر، بێننە نێو کۆنگرەو ئەندامانی کۆنگرە، کەڵکی لێ وەربگرن. ئەوە یەکێك لە کەمو کوڕییەکان بوو، رەنگە بە هۆی ئەوەی کە ئێمە هەمیشە لە ژێر هەڕەشەی کۆماری ئیسلامیداین، زۆرجاریش وابووە کە کۆنگرەکانی ئێمە لە ژێر مەترسیو نیگەرانییدا بەرێوە چووەو زۆر جاری واش بووە، کۆنگرەکانمان تۆپباران کراون لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوەو گەلاڵەی خراپکاری زۆریان بۆ دانراوە، لەو کۆنگرەیەدا، پێشمەرگەکانی حیزب هاتنە سەر ئەو باوەڕەی کە کۆنگرە بە ئاشکرا بگیرێ، بەڵام ئامادەگییەکی ئەمنیەتی لە لایەن پێشمەرگەکانەوە بکرێ بە شێوەیەك کە ئامادەگی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەر رووداوێك بکرێ، کە رەنگە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بەرێوە بچێت، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەش دا دەزانین کە پێکهێنانی کۆنگرەیەك لە ژێر سێبەری نیگەرانیی کۆماری ئیسلامیو دوژمنانی حیزب دا، بۆ خۆی ناتوانێ بێکەمو کوڕی بێت، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەو کەمو کوڕییانە، بە داخەوە هیچیان لە دەسەڵاتی حیزبی دێموکرات دا نین، ئەگەر لەوانە تێپەڕین، وەکوو عەرزم کردن، کۆنگرە، کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو بوو .

**پ: من ئەمویست باسی ئەوە بکەم، کە جەنابت ئیشارەت پێدا، سەرەڕای هەموو ئەوانە، کۆنگرە بە سەرکەوتوو وەسف دەکرێ، وەڵامی پرسیارەکەی منتان دایەوە بۆ ئەوەش دوبارە من ئەو پرسیارە دووپات ناکەمەوە لە خزمەتدا کە ئەمویست بزانم، روانگەی جەنابت لە پێوەندی لەگەڵ کۆنگرەی چواردە، کە دەڵێین کۆنگرەی چواردە کۆنگرەیەکی سەرکەوتووە، چ پێناسەیەکتان بۆ سەرکەوتوویی هەیە ئەگەر زیاتر لە ئەمانە ئەتانەوێ شتێك باس بکەن؟**

و: ئێوە وەك دەزانن، کۆنگرە سێ ئەرکی گەورەی لەسەر شانە، یەکەمیان: پێداچوونەوە بەسەر بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆیی حیزب، ئەگەر کۆمیتەی ناوەندی یان کۆنگرە بە پێویستی بزانێ، دووهەم: راپۆرتی سیاسیی کۆنگرە، کە گەڵاڵەکەی لە لایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە ئامادە دەکرێ، لەو راپۆرتەدا باس لە عەمەلکەردی سیاسیی حیزب لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا دەکرێو سیاسەتی گشتیی حیزب بۆ چوار ساڵی داهاتوو تا کۆنگرەی 15 دادەڕێژرێ، سێهەمین کاری کۆنگرە: هەڵبژاردنی رێبەرایەتییەکی نوێیە بۆ حیزب. هەرسێك ئەو ئەرکانە، بەرنامەو پێڕەو دیاری کردووە بۆ کۆنگرە، بە خۆشییەوە یەك بە دوای یەکداو بە پێی بەرنامەیەکی کە پێشبینی دەکراو ئامادەکاری بۆ کرابوو بەڕێوە چووو ئاکامەکەشی تەنانەت لە هەڵبژاردنی ئەندامانی رێبەرایەتیدا بە شێوەیەك بوو کە هەموو خۆیان تێدا بە سەرکەوتوو دەزانی. پێناسەم لە سەرکەوتنی کۆنگرە ئەوەیە، بەڵام هەر لێرەدا دەمەوێ ئیشارە بە مەسەلەیەکی دیکە بکەم، ئەویش ئەوەیە کە تەنیا بڕیاردان لە کۆنگرەیەکدا کافی نیە، راستە کاروباری کۆنگرە، لە ئامادەکارییەوە هەتا کۆتاییەکەی باش بەڕێوە چوو و ئێمە بە سەرکەوتووی دەزانین، بەڵام سەرکەوتنی نەهایی ئەوەیە کە ئەو بەرنامانەی کە کۆنگرە دیاری کردوە، ئەو راسپاردانەی کە کۆنگرە داویەتی بە کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی خۆی، بتوانێ لانیکەم ئەگەر هەمووشی نەبێ، بەشێکی هەرەزۆری ئەو بەرنامانە بەڕێوەبەرێتو بە وەزعێك بچێتە کۆنگرەی داهاتوو کە بتوانێ لە بەرامبەر ئەو خەڵکەیدا کە هەڵیانبژاردوە، وەڵامدەر بێتو بتوانێ هەموو ئیمکاناتی خۆی بەکار بێنێتو راسپاردەکانی کۆنگرە جێبەجی بکات. بۆ ئەوەی ئەمەش وەدی بێ، لە لایەکەوە ئەرکێکی قورستر دەخاتە سەرشانی ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتی حیزب، لە لایەکی دیکەشەوە، ئەندامانو لایەنگرانی حیزب ئەرکیان دەکەوێتە سەرشان. بێگومان، ئەو ئەرکانەی کۆنگرە خستوویەتە سەرشانی رێبەرایەتیی حیزب، تەنیا بە رێبەرایەتیی حیزب جێبەجێ نابێ، پێویستی بە کارو تێکۆشانێکی زۆری ئەندامانو لایەنگرانو دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەیەو من بەش بە حاڵی خۆم بە پێی ئەو لێکدانەوەی کە هەمە، وا چاوەڕوان دەکەم کە هەموو لایەك، لە بەڕێوەبردنی ئەو بڕیارانەدا هاوکاری بکەنو بە هەنگاوێکی باشترو پێشکەوتووتر پێ بنێنە ئاستانەی کۆنگرەی پانزدەهەم .

**پ: باسی ئەوە ئەکرێ کە کۆنگرەی 14، درێژەدەر یان تەواوکەری ئەو رەوتانەیە کە لە کۆنگرەی سێزدەهەمدا دەستی پێکردووە، سەبارەت بەوە بۆچوونتان چیە؟**

و: بەڵێ ئەوە بۆچوونێکی دروستە، لە راستیدا کۆنگرەی سێزدەهەم، بە ئومێدو ئارەزوویەکەوە دەستی پێکرد، ئەندامانی بەشدار لە کۆنگرەی سێزدەهەمدا هێندێك بەرنامەو بۆچوونیان هەبوو کە هێنایانە ئاراوە لە کۆنگرەدا، کە بە داخەوە هەروەکوو هەموو لایەك دەزانین دوای کۆتایی کۆنگرە، بە هۆکارگەلێ کە گیرو گرفتێکی نێوخۆیی لە نێو حیزبی دێموکراتدا پەیدا بوو، ئەو گرووپەی کە لە واقیعدا بەشێکیان دەنگی متمانەی کۆنگرەیان وەرنەگرتبوو، گیروگرفتێکیان

دروست کردبوو، بەداخەوە کێشایە بەجێهێشتنی حیزب لە لایەن ئەو کۆمەڵە لە کادرو پێشمەرگانەی حیزب، بەشێکی هەرەزۆر لە ئێنرژیو پۆتانسیەلی حیزب سەرفی ئەو بەربەرەکانێ نێوخۆییە بوو، چ پێش بەجێهێشتنی ئەو گرووپەو چ دوای ئەوە. بۆیە لە واقێعدا رێبەرایەتی حیزبی دێموکرات نەیتوانی بەو جۆرەی کە پێویستەو ئەندامانی کۆنگرەی 13 چاوەڕوانییان هەبوو، هەنگاو هەڵێنێتەوە لە پێوەندی بە چاکسازی حیزبدا. بۆیە کۆنگرەی 14 ئەگەر نێوی بنێین تەواوکەری کۆنگرەی 13 پێموابێ بۆچوونێکی دروستەو ئەو ئامانجانەو ئەو بەرنامانەی کە کۆنگرەی 13 دیاری کردبوون، بەڵام رێبەرایەتی بۆی بەڕێوە نەچوو، بەو دەلیلانەی کە عەرزم کردن، لە کۆنگرەی 14هەمدا ئەو بڕیاراتانە دراونەتەوەو دەبێ بەڕێوە بچن‌و چونکە زەمینەکە ئامادەترە. بۆیە دەتوانین لەو بارەوە بڵێین کە کۆنگرەی چواردە تەواوکەری کۆنگرەی 13 بوو، بێجگە لەوەش کە چونکە لە هەلومەرجێکی جیاوازی سیاسیدا کە چوارساڵ لە کۆنگرەی 13 تێپەڕیبوو و لە هەلومەرجێکی ناوچەیی‌دا بەڕێوەچوو، هەندێك بڕیارات‌و راسپاردەی نوێشی بۆ رێبەرایەتی کۆنگرەی چواردەهەم هەبوو .

**پ: لە دوای کۆنگرەی 13و ئەو جیابوونەوە کە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، رووی دا، دێینە ناو کۆنگرەی چواردەهەم، لە کۆنگرەی چواردە ئەو مەسەلەیە زۆر وەکوو پێویست نەهاتە گۆڕێ، ئایا ئەم بابەتی جیابوونەوە بە گرینگ نەزانرا یان خود کۆنگرە دەیەوێت زیاتر تیشك بخاتە سەر داڕشتنی بەرنامەیەکی سیاسی بۆ بەهێزکردنی خەبات لە دژی کۆماری ئیسلامی؟**

و: پرسیارێکی بەجێیە، لە واقێعدا ئەوە، رەنگە پرسیاری زۆرێك لە ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبیش بێت، لە پێوەندی لەگەڵ ئەوە پرسیارەدا دەتوانم عەرزتان بکەم، یەکەم ئەوە کە پێش کۆنگرە، هۆیەکانی جیابوونەوەو ئەو روداوانەی کە لەو چوارچێوەدا هاتوونەتە پێشێ، بە شێوەی جۆراوجۆر بۆ خەڵکی شی کرابوونەوە، بێجگە لەوە جیابوونەوە یان ئینشعاب، مەسەلەیەك بوو پێوەندی بە رابردووەوە هەبوو، کۆنگرە زۆرتر دەیهەویست تیشك بخاتە سەر داهاتوو، بەرنامە بۆ داهاتوو دیاری بکات، لە لایەکی دیکەشەوە، کۆنگرە بە گشتی ئەو جۆرەی کە لە راپۆرتیشدا هات، رەزایەتی دەربڕی سەبارەت بە کارو بەرنامەکانی رێبەرایەتی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی 13، تەئییدی ئەو سیاسەتانەیان کرد کە رێبەرایەتی بەڕێوەی بردبوو، کە یەکێك لەو سیاسەتانەش هەڵویستی حیزب بوو چ پێش پرۆسەی جیابوونەوەو چ دوای پرۆسەی جیابوونەوە. نوێنەرانی کۆنگرە بە تەواوی ئاگاداربون کە پێش لە جیابوونەوە رێبەرایەتی حیزب هەموو هەوڵی خۆی دا کە ئەو کۆمەڵە لە هاوڕێیانە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جیا نەبنەوەو بمێننەوەو خەبات درێژە بدەین پێکەوەو تەنانەت لە کۆنگرەی چواردەهەمدا پێکەوە بەشدار بین‌و مل راکێشن بۆ بڕیاراتی کۆنگرەی چواردەهەم، بەڵام بەداخەوە بە ئاکام نەگەیشت‌و کێشایە جیابوونەوە، لە دوای جیابوونەوەشدا رێبەرایەتی هەموو هەوڵێکی خۆیدا کە لەگەڵ ئەو واقێعە ناخۆشە بە شێوەیەك رووبەڕوو بێت کە زەرەرەکانی زیاتر نەبێ، تێکۆشا لە دامرکاندن‌و ئارامکردنەوەی بەدەنەی حیزب کە بەو مەسەلەیە زۆر ناڕەحەت بوو، هەوڵی دا بۆ ئارامکرنەوەی ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب کە لە واقێعدا وەکوو شۆکێك پێیان وارد ببوو، توانی بەسەر ئەو مەسەلەیەدا زاڵ بێت‌و توانی کاروباری حیزب بخاتەوە سەر رەوتێکی سروشتی‌و ئەو ئێعتمادە بە خەڵکی بداتەوە کە ئەگەر گروپێك لە رەفیقەکانی حیزبی جیابوونەتەوە، بەڵام ئەو ئەکسەرییەتەی کە لە بەدەنەداو لە رێبەرایەتییدا ماونەتەوە، توانایی ئەوەیان هەیە کە ئاڵای حیزبی دێموکرات هەروا بەرز رابگرن‌و ئەوەیان نیشان داو گەیاندیانە کۆنگرەی چواردەهەم، ئەو ئێعتمادە بە

ڕێبەرایەتی حیزب بوو بە هۆی ئەوەی کە کۆنگرەی حیزب لەو ڕاستایەدا ئیجازەی داوە بە کۆمیتەی ناوەندی کە بە پێی هەلومەرج هەر کاتێکی بە مەسڵەحەتی زانی، بە قازانجی حیزبی تەشخیس دا، هەوڵ بدات بۆ ئاسایی کردنەوەی پێوەندی ئەو دوو لایەنە .

**پ: زۆرجار باسی چاکسازیو نوێکاری دێتە ئاراوە، بنەماکانی ئەو چاکسازییانەی کە پێتان وایە لە کۆنگرەی چواردەهەمی حیزبدا دەستی پێ کردووەو لە دوای کۆنگرەی چواردەهەمەوە دەبێ چی بێت؟**

و: با لە پێشدا کە باسی چاکسازی دەکەن، ئەوەتان پی بڵێم کە ئوسوولەن، هەر کۆمەڵگایەكو تەنانەت هەر ئینسانێکی پێشکەوتنخوازو دێموکرات ناتوانێ لە چاکسازی ڕۆژانە خۆی بەدوور بێت، یانی چاکسازی پرۆسەیەکە کە هەمیشە لەگەڵ حیزب دەبێت، بەتایبەت کە باسی دێموکراسی دەکەین دەبێ هەبێو ئەوەش شتێك نیە کە لە یەك کۆنگرەدا دەست پێبکات. بەڵام کۆنگرە، دەتوانێ مەسەلەکە زەقتر بکاتەوە بۆ ئەوەی کە ڕێبەرایەتی هان بدات، هەنگاوی زیاتر بەرەو پێش بنێت، بۆ ئەوەی کە بەدەنەی حیزب وشیار بکاتەوە بۆ ئەوەی کە ئەگەر لەو پرۆسەیەدا بە خێراتر نەچێتە پێشێ لە کۆمەڵگا وەدوا دەکەوێ، بە پێی ئەو بۆچوونە لە حیزبی دێموکراتدا هەمیشە مەسەلەی چاکسازی هەبووەو لە کۆنگرەی چواردەشدا بێگومان بەقووەتی خۆی هەبووە، ئەمن ئەو چاکسازییە کە لە کۆنگرەدا چاوم پێی کەوتو هەستم پێکرد، لە واقیعدا چاوەڕوانی ئەندامانی بەشدار لە کۆنگرەداو بۆ لەوەدواش بوو، لە واقیعدا ئەو فەرهەنگسازییەی کە ئێمە دەبێ بیکەین. لە کۆنگرەی سێزدەهەم تا چواردەهەم، ئێمە توانیمان بە یارمەتی ئەندامانی حیزبیو بەدەنەی حیزب، ئەوەی جێ بکەینەوە، ئەوەی کە کەسێك بەرژەوەندیی خۆی لە بەرەوپێشچوونی حیزبدا ببینێو قازانجو بەرژەوەندیی خۆی لە چوارچێوەی قازانجو بەرژەوەندیی حیزبدا بدۆزێتەوە. ئەوە جۆرێك چاکسازییە کە بە بۆچوونی من دەبێ زۆرتر کاری لەسەر بکرێو نهادینە بکرێ لە حیزبی دێموکرات داو لە داهاتووشدا کاری بۆ دەکەین. بێجگە لەوانە، شێوەی سازماندەهی حیزب لە ڕێبەرایەتییەوە بگرە هەتا ئۆرگانەکانی خوارەوە، بە شێوەیەکە کە ڕەنگە لە قۆناخێکدا وەڵامدەر بووبێ، بەڵام پێشنیارێکی کە لە کۆنگرەدا کراوە، ئەوەیە دەبێ ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێت. بە شێوەیەك کە وەڵامدەری وەزعی ئێستای سیاسیو نێونەتەوەییو ناوچەیی بێت لە حیزبی دێموکرات دا کە ئێستا کۆمیتەی ناوەندی گەڵاڵەی بەدەستەوەیە کە بتوانین ئۆرگانەکانی حیزبی پێکەوە هەماهەنگ بکەینو کارەکان بەرەوپێش بەرین بە شێوەیەك کە وەڵامدەری داخوازەکانی کۆنگرە بێت. بێجگە لەوەش مەسەلەی بەشداریی توێژێکی بەربڵاوتر لە بەدەنەی حیزب لە کاری بڕیاردانو لە کاری ئیدارەو مودیرییەتدا، کە ئەوەش دەبێ بەڕێوە بچێتو، یەکێك لەو کارانەیە کە کەسایەتییەکانی حیزبی ئامادە دەکاتو پەروەردەیان دەکات بۆ ئەوەی کە هەنگاو بە هەنگاو بچنە پێش بۆ ئەوەی بتوانن بگەنە ئاستی بڕیاردانو لە بڕیارداندا بەشدار بن. ئەوە من بە جۆرێك چاکسازی دەزانم کە دوای کۆنگرەی 13 دەستی پێکرد، نیوەچڵ بوو و لەم کۆنگرەیەشدا بوو بە بنەمایەك بۆ درێژەدان. دیارە زۆر شتی دیکە هەن کە نامهەوێ کاتەکە بگرم، ئەوە لە لایەكو لە لایەکی دیکەشەوە زۆرتر عەلاقەمەندم بەوەی کە خەڵك لە جەرەیانی کاری دوای کۆنگرەدا ئەو چاکسازییانە ببینن نەوەکوو وەك درووشمێك بەکاری بێنین .

**پ: رادەیەك لە ژنانو لاوان لە ڕێبەرایەتیی كۆنگرەی چواردەهەمدا جێیان گرتەوە، پێتان وایە ئەو رادەیە بۆ حیزبێك كە 63 ساڵ خەباتی هەیە وەڵامدەرە؟**

و: لە واقێعدا دوو بەشە ئەو شتەی كە جەنابت دەفەرمووی، لە بەشی لاوەكاندا، پێموایە وەڵامدەرە، چونكە ئەو بەرنامەیەو ئەو ویستە ویستی بەدەنەی حیزب بوو، لە كۆنگرەی 13دا، لەگەڵ هەموو گیروگرفتێكی كە بوومان توانیمان، بەشێك لە لاوەكانی لێهاتوو كە لە ریزەكانی حیزبدا، مەسئولییەتو مودیرییەتیان پێ بسپێرینو لە ماوەی نێوان كۆنگرەی 13 هەتا 14 مەیدانیان پێ بدەین، رێنومایییان بكەین، كۆمەكیان بكەین بۆ ئەوەی كە پێبگەن. ئەو كۆمەڵە لە لاوانە بە خۆشییەوە لە كۆنگرەی 14دا هەموویان دەنگیان هێنایەوەو گەیشتنە رێبەرایەتیی حیزبو گەیشتنە مەركەزری بڕیاردانی حیزب، كە ئەوە بۆ خۆی جێگای خۆشحاڵییە. بێجگە لەوە كۆمەڵێكی دیكە لە لاوەكان جێگای ئەوانیان گرتەوە، لە كارو مودیرییەتی حیزبیدا، ئەوانیش وەكوو هاوڕێكانی دیكەیانو لە پرۆسەی كاركردندا باردێنو دەچنە پێشێ، لە كۆنگرەی داهاتووشدا گومانم نیە كە بەشێك لەوانەش دێنە رێبەرایەتیی حیزب. رێبەرایەتیی حیزب كۆنگرە بە كۆنگرە، خوێنی تازەی تێ دێت، ئێنرژی تازەی تێ دێت، لە واقێعدا وەكوو حیزبێكی زیندوو و ئەو حیزبەی كە بەردەوام خۆی بازسازی دەكاتەوە، ئێمە ئەركمان لە رێبەرایەتییدا ئەوەیە كە مەیدان بۆ ئەو ئاڵوگۆڕە بڕەخسێنین، بێجگە لەوە كارێكی دیكە كە بۆ لاوەكان لە بەرنامەدایە ئەوەیە كە لە ئۆرگانەكانی حیزبیدا، لە كاری مودیرییەتدا، لە كاری بەڕێوەبردندا مەسئولییەتی زیاتریان پێ بسپێردرێ، نابێ ئەو فەرهەنگە بێتە باو كە لاو مەسئولییەتی پێ نەسپێردرێ نەكا هەڵە بكات، پێمان وایە كە دەبێ مەسئولییەتی پێ بسپێردرێو ترسیش لەوە نەبێ كە هەڵە بكات. لە هەڵەكردن دا ئیسلاح دەبێ، یارمەتی بدەین كە خۆی ئیسلاح بكاتو، بە خۆشییەوە ئەو لاوانەی كە لە حیزبی دێموكراتدا بەشدارنو چالاكن، ئێنرژییەكی باشو ئامادەگییەكی باشیان هەیە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ وەزعییەتەكەدا بۆ ئیسلاح بوونو بەرەوپێشچوونو ئێمەش ئەو بەرەوپێشچوونە بە خۆشییەوە رۆژ بە رۆژ دەبینین لە حیزبدا. بۆیە من پێم وایە ئەو رادەیە لە لاوان، لە ریبەرایەتیی حیزبدا بەشداربوون، رادەیەكی باشە. بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ ژناندا من بەش بە حاڵی خۆم رازی نیم، پێم وابێ ژنان لە مەركەزی بڕیاردا دەبوایە زیاتر بەشدار بوایەتن، بەڵام ئەویش بەداخەوە بەشێكی ئەساسی دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی كە ئیمكاناتی ئێمە لەو پێوەندییەدا مەحدودە، بەشێكی دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی كە بەشداری ئەندامانی حیزب لە نێوخۆی كوردستانی ئێراندا كە ژنانی زۆر چالاكو تێكۆشەرو حیزبی لەوێدا هەن، ناتوانن بێن لە كۆنفرانسەكاندا بەشدار بن، هەڵبژێردرێنو لە رێبەرایەتیی حیزبدا بەشدار بن، بەشێكی دیكە كۆمەڵێك لە خوشكەكانمانن كە لە دەرەوەی وڵاتن، ئەوانەش لە دوای ئێنشعاب هەوڵمان داوە كە كەسانێك لە شایستەترینی ئەوان، كە مافی خۆیان بووە بێنە ریزی رێبەرایەتیو ئێمەش هێندێك هەنگاومان لەو بارەوە ناوە، بۆ نموونە كۆنگرە بڕیاری داوە كە بەرپرسی گشتیی یەكیەتیی ژنانی دێموكرات لە دەرەوەوەی وڵاتو بەرپرسی گشتیی یەكیەتیی ژنان لە كوردستاندا بێنە ریزی رێبەرایەتیی حیزب، ئەوەش بۆ خۆی مەیدانێكە، دیارە لە پێوەندی لەگەڵ لاوەكانیشدا هەر ئەو بڕیارە دراوە. ئێمە دەبێ هەوڵ بدەین لە نێو ئەو ژنانەدا كە لە دەرەوەی وڵاتن زیاتر مەیدان بڕەخسێنین بۆ ئەوەی كە زیاتر بێنە پێشێ. زیاتر ئێعتماد بە خۆیان بكەن، رەنگە ئیشكالاتێك لە كارو چالاكی حیزب لەو رادەیەدا هەبێ، بەشێكیش گیرو گرفت لە خودی خوشكەكاندا هەیە كە ئەو جۆرەی كە پێویستە خۆیان لە كاروباری سیاسی وەرنادەن، ئێمە زۆر خوشكمان هەیە لە دەرەوەی وڵات، خوێندەواری باشیان هەیە، پسپۆڕن، لە زۆر بواری كۆمەڵایەتیو پزشكیدا

شارەزاییيان هەیە، بەڵام لە کاروباری سیاسی لە نێوخۆی کوردستان کە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ کاروباری سیاسی لە دەرەوەی وڵاتدا هەیە، ئەزموونیان کەمە. ئێمە لەدوای کۆنگرە، بڕیارمان ئەوەیە کە یارمەتی بدەین ئەو خوشکانەمان لە بواری سیاسیشدا زیاتر بەشدار بن‌و ئەزموون پەیدا بکەن، بۆ ئەوەی کە بێنەوە لە کوردستاندا ماوەیەك لەگەڵ ئێمە بن لە کاری سیاسیدا بەشدار بن، ڕێنوێنی بکرێن، ڕێگایان پێ بدرێ کە ئێمە بتوانین لە کۆنگرەکانی داهاتووشدا ژمارەیەکی زیاتر لە خوشکەکان بێنە ڕێبەرایەتی. هەرچەند لەو کۆنگرەیەدا بە نیسبەتی کۆنگرەکانی پێشوو، ڕادەی خوشکەکانی کە بەشداربوون لە ڕێبەرایەتی حیزبدا بەرچاوترە، بەڵام وەکو ئێوە پرسیارتان کرد من بۆ خۆم بەو ڕادەیە ڕازی نیم .

**پ: کۆنگرەی چواردەهەم، بە دروشمی "گەشەکردن‌و بە جەماوەریترکردنی خەبات" کرایەوەو گەیشتە کۆتایی، هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو دروشمە چی بوو؟ یان بە چ مکانیزمێك ئەتانەوێ ئەوە بەرنە ناو کۆمەڵگاوە؟**

و: پرسیارەکە جالبە، بۆیە پێم خۆشە زیاتر وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە، وەك دەزانن هەمیشە حیزبی دێموکرات، حیزبێکی جەماوەری بووە، بەڵام بە هۆی ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە ئەوڕۆ لە کوردستان‌و لە ناوچەکەدا هەیە، کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی 13، گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە ئەو ڕادەیە بەجەماوەریبوونی حیزبی دێموکرات، بە نیسبەتی هەڵسەنگاندنی لەگەڵ ئاڵووگۆڕێك کە لە ناوچەکەدا هەیەو لە نێوخۆی کوردستاندا هەیە بە لەبەرچاوگرتنی بەرەوپێشچوونی ڕادەی وشیاری‌و زانایی‌و تێگەیشتنی خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێراندا، ئەو ڕادە جەماوەریبوونە کافی نیە، بۆ ئەوەی کە بتوانێ جەماوەریتر بێت، دەبێ کە کۆنگرە ئەو دروشمە پەسند بکات، کاتێك پەسندی کرد، ئەرك دەکەوێتە سەرشانی ڕێبەرایەتی‌و بەدەنەی حیزب، بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو ئەرکە بەڕێوە بەرێت .
بەڵام، ئێمە چۆن دەتوانین ئەو خەباتە جەماوەریتر بکەین؟ پێم وابێ دەبێ لە میکانیزمی نوێ، لە بیری نوێ‌و لە فکری نوێ کەڵك وەربگرین. گومان لەوەدا نیە کە ئەگەر بمانەوێ هەر بەو فەرهەنگەی پێشوو کارو خەباتەکەمان ئیدامە بدەین، ناتوانین ویستی کۆنگرە لەبارەی جەماوەریترکردنی خەبات بەرەوپێش بەرین، ئەوەش بەو مانایەیە کە ئێمە دەبێ لە هەموو ئەو ئیمکاناتەی کە ئەوڕۆ لە کوردستانی ئێران‌و لە دەرەوەی وڵات هەیە، کەڵك وەردەگرن، بتوانین خەباتەکەمان جەماوەریتر بکەین، هەرچەند لە کوردستانی ئێراندا بە بۆنەی زاڵبوونی سیستمێکی سەرەڕۆ، مەودای کارو تێکۆشان بەرتەسکە، بەڵام لەو بەرتەسکییەشدا دەبێ "حداکثر"ی ئیستفادە بکەین، بەو مانایە کە سەعی بکەین خەڵك لە دەوری ئۆرگانیزاسیۆنەکاندا کۆ بێتەوە، ئۆرگانیزاسیۆن مەبەستم ئەوە نیە کە تەنیا وەکوو ئەندامێکی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات بێ لە ئۆرگانیزاسیۆنێکدا بەشدار بێ، بەڵکوو لە هەر ئۆرگانیزاسیۆنێکدا کە یارمەتیدەرە بە جووڵانەوەی کورد، ئۆرگانیزاسیۆنێك کە ئامانجەکەی بەرەوپێشبردنی خەبات‌و دژایەتی‌کردن لەگەڵ دیکتاتۆری‌و ملهۆڕییە، ئۆرگانیزاسیۆنێك کە لە چوارچێوەی پاراستنی مافی مرۆڤ‌و یەکسانی لە کۆمەڵگادا تێدەکۆشێ. جا ڕەنگە شێوەی بۆچوونی یا شێوەی بەکارهێنانی ئەو فکرەی لەگەڵ حیزبی دێموکرات جیاوازیی هەبێ، ئێمە نابێ لە موقابیلی ئەوانەدا نەك هەر کۆسپ بین، بەڵکوو دەبێ یارمەتیدەر بین بۆ پێکهێنانیان. چونکە واقیعییەتەکەی ئەوەیە کە ئێمە ناتوانین کۆمەڵگایەکی کوردەواریی ئێران کە ژمارەی حەشیمەتەکەی خۆی لە نزیکەی 10 میلیۆن کەس دەدا، هەمووی لە یەك حیزبدا کۆ بکەینەوە، یانی فەرهەنگی تەك حیزبی من پێم وابێ

سەردەمەکەی تێپەڕیوە، ناتوانین کۆیان بکەینەوەو پێویستیش ناکا، بە دەلیلی ئەوەی کە خەڵك فکری جیاواز هەیە، بۆچوونی جیاوازی هەیە، بەڵام مەجمووعەیەك خەڵکی نیشتمانپەروەر کە دەیانەوێ کار بکەن بۆ دیفاع لە مافی خۆیان، لە مافی نەتەوەکەیانو دەیانەوێ بە شێوەی جۆراوجۆر کە لەگەڵ حیزبی دێموکرات جیاوازیی هەیە، مەبەستەکانی خۆیان بەرنە پێشێ، ئێمە دەبێ یارمەتیدەری ئەوە بین، لەو پێوەندییەدا دەتوانێ ئەنواعی سەندیکای کرێکاری، مامۆستایان، ژنان، لاوان، هونەرمەندان، پزیشکان، ئەدیبان، پێك بێو دەتوانێ بۆ هەمووی ئەوانە یارمەتیدەر بێ لەو چوارچێوەیەدا. پێم خۆشە لێرەدا ئیشارە بەو مەسەلەیەش بکەم تەنانەت ئێمە پێویستە تولێرانسو تەحەمول لەگەڵ ئەو کەسانەش بکەین کە لە مەقتەعێکدا فریوی رێژیمیان خواردوە بە هەر دەلیلێك، کەوتوونەتە خزمەتی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەڵام ئێستا بەدوای ناسینی کۆماری ئیسلامیو فکرەکەی، بە دوای شوناسێکی تازە کەوتوون، وریا بوونەتەوە، دەزانن کە کۆماری ئیسلامی مافەکانی ئەوان، مافی نەتەوەیی ئەوان وەدی ناهێنێ، دەبێ ئێمە مەیدانیان بۆ برەخسێنین، یانی فەرهەنگی تۆڵەکردنەوە، بۆغزاندن بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مەردوودە، ئەوە نابێ جێبەجێ بکرێ، بەڵکوو لەگەڵ ئەوانە بە شێوەیەکی تولێرانس رەفتار بکرێ. خاڵێکی دیکەی گرینگ کە پێم خۆشە لەو چوارچێوەیەدا ئیشارەی پێ بکەم ئەوەیە کە، ئێمە وەك حیزبی دێموکرات لە سەرەتاوە تاکوو ئێستا هەمیشە حورمەتێکی زۆرمان داناوە بۆ بیرو باوەڕی ئایینیی هەموو کەس، لەگەڵ ئەوەی کە ئێمە حیزبێکی ئیدئولۆژیكو ئایینی نین، بەڵام دژی ئایینیش نین، بەڵام من پێم وابێ کە لەو پێوەندییەدا تاکوو ئێستا کەموکوڕیمان هەبووە. ئێستا دەبێ بەو سیاسەتەدا بچینەوە، مادام کە دەمانەوێ خەباتەکەمان جەماوەریتر بکەین، دەبێ بیروباوەڕی ئایینی لە نێو کوردستاندا، ئەو خەڵکەی کە پێکهاتەی کوردستان پێك دێنن، زیاتر تەوەجوهی پێ بکەین. لە نێو ئەوانەدا یەکێکیان ئایینی ئیسلامە، ئێمە ئێستا لە کوردستانو لە مەنتەقەدا، شاهیدی بۆچوونە جیاوازو تەفسیرە جۆراوجۆرەکانین لە ئیسلام، کۆماری ئیسلامیی ئێران خۆی بە ئیسلام دەزانێ، کە بۆتە هۆی دەردەسەر هەم بۆ خەڵکی ئێرانو بۆ ناوچەو ئایینی کردۆتە ئامراز بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی، لە لایەکی دیکەوە ئێمە رادیکالیزمی ئیسلامی دەبینین کە لە چوارچێوەی فکری ئەلقاعیدەدا خۆی دەنوێنێو بەکار دەبرێ بۆ کوشتنو تەخریبو وێرانکردن، بەڵام لە موقابیلی ئەوەدا، ئیسلامێك کە باوەڕی بە پێوەندیی رووحانیی نێوان ئینسانو خودا هەیە، ئیسلامێك کە دەیهەوێ ئایین لە خزمەت بەشەرییەتدا بێو بە خۆشییەوە لە کوردستانی ئێراندا زۆرن نموونەی ئەو خەڵکە ئایینیانەو بەتایبەت ئەو مامۆستا ئایینیانەی کە هەڵگری ئەو بیروبۆچوونەن، ئەو مامۆستایانەی کە لەگەڵ بیروباوەڕی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بەناوی ئیسلامو دژی ئیسلامی ئەلقاعیدە، موبارێزە دەکەن، بۆ خەڵکەکە تەوزیح دەدەن. ئەو گرووپە لە مامۆستایانی ئایینی لەگەڵ ئەوەی دەکەونە بەر زەبرو زەنگی کۆماری ئیسلامیی ئێران، کاروباری عیبادەت، تەنانەت دەرس گوتنەوەیان لێ قەدەغە دەکرێ، لە باری ژیانی مادیییەوە لە هەلومەرجێکی زۆر سەختدا بەڕێ دەچن، بەڵام تەسلیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران نەبوون، من پێم وابێ یەکێك لە رێگاکانی بەجەماوەریترکردن ئەوەیە کە ئێمە لەگەڵ ئەو توێژە لە مامۆستایانی ئایینی، هاوخەباتی بکەین، پشتیان بگرین، یارمەتییان بدەینو هەروەها لەباری بیروبۆچوونی ئایینییەوە ئیحترام کە دادەنێین بۆ ئایینی ئیسلام، لە بۆنە ئیسلامییەکاندا، زۆرتر حیزبی دێموکراتی کوردستای ئێران پەیامی خۆی هەبێ بۆ خەڵکی موسوڵمانی کورد. دیارە لێرەدا مەبەستم تەنیا موسوڵمانان نیە، بەڵکوو باقیی ئایینەکانی دیکەش کە لە کوردستاندا هەن، وەکوو ئەهلی حەقەکان یان یارسانەکان، مەجمووعەیەك لە مەسیحییەکانو بەگشتی هەموو پێکهاتەکانی ئایینی، دەبێ لە

ژێر چاوەدێریو پشتیگیریدا بن بۆ ئەوەی ئەوانیش بتوانن خەباتی خۆیان بە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرنە پێشێو ئێمە بە یارمەتیی هەموو لایەك خەباتەکەمان بەرینە پێشێو حیزبی دێموکرات ببێتە یارمەتیدەری هەموو ئەو چینو توێژانەی کە لە راستای دێموکراسی، مافی مرۆڤ، مافی نەتەوایەتیو هەروەها ئایین لە چوارچێوەی رابتەی نێوان خوداو ئینساندا دەیانەوێ کار بکەنو خەڵك هیدایەت بکەن، ئێمە لەو چوارچێوەیەدا دەبێ خەباتەکەمان بەرینە پێشێو بێگومان لەو پێوەندییەدا پێم وابێ کە مامۆستایانی ئایینیو خەڵکی موسوڵمانی کورد دەتوانن لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بە باشترین شێوە بکەونە خەتێك، هاوتەریب پێکەوە بەرنامەکانیان بەرنە پێشێ.

**پ: ئەگەر کۆماری ئیسلامی بە سەرنجدان بەم قەیرانەی کە ئێستا تێی کەوتووە، ئەگەری ئەوە بێتە ئاراوە کە کۆماری ئیسلامی بە جۆرێك خۆی بگونجێنێت لەگەڵ ئەو گوشارانە کە هاتوونەتە سەری، ئایا پێتان وایە کە کۆدەنگییەکی نەتەوەییو نێونەتەوەیی بۆ بەچۆکداهێنانی ئەو رێژیمە هەر لە دەستووری کاری حیزبدا هەبێت یان لە دەستووری کاری عامما هەبێت، ئەگەر ئێران خۆی بگونجێنێت، چ ئاڵترناتیڤێکمان هەیە؟**

و: بە پێی راپۆرتێکی کە پێش کرا بە کۆنگرە، راپۆرتەکە بەو سەرئەنجامە گەیشتووە کە لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ئاڵوگۆڕ بەرەو پێشەوەو بۆ چاکسازی ئیمکانی نیە، بۆیە تەنیا رێگا بۆ رەفعی گیروگرفتەکانی کە کۆماری ئیسلامی پێکی هێناوە، نە لە چوارچێوەی ریفۆرمدا، بەڵکوو لە چوارچێوەی رووخانی کۆماری ئیسلامیو هاتنە ئارای رێژیمێکی دێموکراتیك لەسەر ویستی خەڵك، بە ئاکام گەیشت، بۆیە شوعاری رووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر یەکێك لە شوعارەکانی کۆنگرە بووو پەسند کرایەوە. ئەوە بە مانای ئەوەیە کە ئێمە لەو باوەڕەداین کە کۆماری ئیسلامیی ئێران، ناتوانێ چاکسازی بکا، بەڵام ئەوەی کە جەنابت فەرمووت، بەهەر حاڵ، هیچ شتێك ناکرێ بە "غیرممکن"ی بزانین. کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەگەر خۆی لەگەڵ ویستو داخوازەکانی دنیا بگونجێنێ، ئەوەڵین ویستو داخوازی کە ئێستا لە پێش هەموو شتێکدایەو لە هەموان زەقترە، مەسەلەی راگرتنی پرۆژەی ئەتۆمیی ئێرانە. ئێمە تاکوو ئێستا کە دەبینین لەگەڵ ئەو هەموو گوشارەی کە لە سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران هەیە، لەگەڵ ئەوەی کە سێ قەتعنامە بۆ سزای ئێران تا ئێستا دراوە لە لایەن کۆمەڵگای نێونەتەوەییەوە، کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر قسەی خۆیو بڕیاری خۆی بۆ پیتاندنی ئۆرانیۆم هەروا پێ دادەگرێ، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە گیروگرفتی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی پێشکەوتوو یان بڵێین رۆژئاوا بە ئەمریکاو ئورووپاوە، تەنیا لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی پیتاندنی ئۆرانیۆم نیە، بەڵکوو کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە واقیعدا وجوودەکەی، سیاسەتەکەی موشکیلەسازە. مەسەلەن گرینگترینیان، بێجگە لە مافی مرۆڤیش کە رەنگە ئەگەر حیسابی ئەوە بکەین بۆ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی زۆر موهیم نەبێ لەبەر پاراستنی قازانجو بەرژەوەندییەکانیان، مەسەلەی زۆر زەقتر لەوەش، مەسەلەی پشتیوانی لە تیرۆریزمە. تیرۆریزمێك کە ئێستا کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆتە کانگایو زۆر بە ئاشکرا تەقویەتی ئەو مەسەلە دەکاو یارمەتیدەرە بۆ تیرۆریزم، ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە مەسەلەی دژایەتی لەگەڵ پرۆسەی ئاشتیی نێوان ئیسرائیلو فەلەستینییەکانە، کە ئەوە مەسەلەیەکی یەکجار زۆر گرینگە. کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دەیهەوێ کە ئەو دوو نەتەوەیە بتوانن لە تەنیشت یەکتر بە ئاشتیو ئارامی بژینو ژیانێکی سەردەمیانەو ئەوڕۆیانەیان هەبێ، بەڵام کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هەموو ئیمکانو توانای خۆیەوە دەست تێوەر دەدا بۆ ئەوەی کە ئەو

پرۆسەیە بە ئاکام نەگا. کەوابوو خیلاف بەینی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی یەکجار زۆرە، بۆیە ئێمە زۆر بە زەحمەت دەبینین کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بتوانێ ویستو داخوازیی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی قەبووڵ بکا، بەڵام ئەگەر فەرزەکەمان لەسەر ئەوە بێ کە قەبووڵی دەکا، باشە ئەگەر کۆماری ئیسلامییەك کە مافی مرۆڤ قەبووڵ بکا، ئازادیو یەکسانی لە ئێراندا قەبووڵ بکا، دەست لە پیتاندنی ئۆرانیۆم بە مەبەستی بەدەستهێنانی چەکی ناوکی هەڵبگرێ، دەست لە تیرۆریزم هەڵگرێ، هەمووی ئەوانە بکا، کەوابێ کۆماری ئیسلامی دەبێتە شتێکی نوێ، کە بوو بە شتێکی نوێ، تەبیعەتەن دەبێ ئێمەو باقیی هێزەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنیش بە شێوەیەکی نوێ چاوی لێ بکەین .

**پ: کۆنگرە لە ژیانی هەموو حیزبو رێکخراوێکی سیاسیدا وێستگەیەکی گرنگە. بە سەرنجدان بەم باسانە کە ئێستا کردتان، مەسەلەی کوردستان، مەسەلەی ئێران، مەسەلەی رۆژهەڵات، پێوەندیی ئەمانە لەگەڵ رۆژئاوا، ئایا لە کۆنگرەدا رەنگدانەوەی هەبوو؟ بە چ شێوەیەك لە کۆنگرەدا هاتە بەرباس؟**

و: ئەو باسانە زۆرتر لە راپۆرتدا رەنگی داوەتەوە کە لە کۆنگرەدا دوای باسو مناقشەیەکی کە هاتە ئاراوە، پەسند کرا. لەڕاستیدا ئەوەی کە لە پێوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێراندا دەتوانم بە کورتی عەرزتان بکەم کە لە راپۆرتدا هاتبوو، کۆنگرەو راپۆرتو لە نەتیجەدا کۆنگرە، کۆماری ئیسلامی وا دەبینێ کە بەرەو چاکسازی ناچێ، زەختو گوشار لەسەر خەڵکی ئێران رۆژ بەرۆژ زیاتر دەبێ، بەتاتبەت لەسەر خەڵکی کورد، بۆیە لەسەر خەڵکی کورد زیاتر دەبێ، چونکە وشیاریی نەتەوەیی لە نێو خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێراندا زۆر زیاتر پەرەی گرتووە بە نیسبەتی هەڵسەنگاندن لەگەڵ باقیی بەشەکانی دیکەی ئێراندا. چونکە وشیاریی نەتەوەیییەکە زیاترە، مقاوەمت لە موقابیلی ئەوەدا زیاترە، رەنگە بەشێکی ئەو مقاوەمەتە بگەڕێتە سەر ئۆرگانیزەبوونی خەڵکەکە، ئەگەر لە بەشەکانی دیکەی ئێراندا بە داخەوە هێزی ئۆپۆزیسیۆن کە بتوانێ ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆ ئۆرگانیزە بکا، لاوازە. لە کوردستاندا لە سەرەتاوە تاکوو ئێستا هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی، هەرکام بە پێی توانای خۆی توانیویەتی خەڵکەکە ئۆرگانیزە بکا، بۆیە دەتوانم بڵێم کە ئێستا خەڵکی کورد یەکێك لە وشیارترینو ئۆرگانیزەترین بەشەکانی ئێرانن یان نەتەوەکانی ئێرانن‌و پێ بە پێی ئەوە، ویستو داخوازەکانیان مەترەح دەکەن‌و ناچنە ژێر باری. بۆیە هەر ئەوە دەبینین کە ژنانی کورد، خوێندکارانی کورد، هەموویان قورساییەکی زۆریان هەیەو ئاڵاهەڵگری خەباتی دێموکراسیخوازین نەك هەر لە کوردستان، بەڵکوو لە باقیی بەشەکانی دیکەی ئێرانیشدا. مادام کە وەزعەکە وایە، کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش، هیچ رێگاچارەیەکی نیە، یا نایهەوێ هیچ رێگاچارەیەك بۆ ویستو داخوازیی خەڵك بدۆزێتەوە، تەنیا رێگای سەرکوتی هەڵبژاردوە. سەرکوت رۆژ بەرۆژ زیاتر دەبێو لە ئاکامدا مقاوەمەتیش زیاتر دەبێ. هەر ئەوەی کە دەبینین هەر ئێستا لەگەڵ ئەوەی کە ئەو هەموو سەرکوتو زەبرو زەنگە بێبەزەییانە بەسەر خەڵکی کورددا هەیە، ئێستا دەبینین لە زیندانەکانی ئێراندا زیندانییانی سیاسیی کورد باشترین مقاوەمەت دەکەن، ژنان مقاوەمەت دەکەن، خوێندکاران مقاوەمەت دەکەن‌و کۆماری ئیسلامی بەوە ناڕازیو ناڕەحەتە، بۆیە لە کۆنگرەدا باسی ئێران بەو شێوە کراوە کە ئێران بەرەو ئیسلاحات ناچێ، رێگاچارەی وی لە رووخاندنی کۆماری ئیسلامیدایەو یەکێك لە رێگاکانی رووخاندنیش ئەوەیە کە جەماوەر زیاتر لە دەوری خەباتدا کۆ بێتەوەو بەجەماوەریترکردنی خەبات لەو ویستەڕا سەرچاوەی گرتوە. ئەوە یەکێك لەو مەسەلانەیە کە لە

پێوەندی لەگەڵ کاری کوردستاندا هاتۆتە پێشێ. لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی نێونەتەوەیی‌دا، خاڵێکی کە دەمەوێ عەرزتان بکەم ئەوەیە کە بە هەڵسەنگاندنی راپۆرت، ئاڵوگۆڕێکی قووڵ لە پێوەندیی نێونەتەوییدا بە نیسبەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران هاتۆتە پێشێ. ئەگەر دیققەت بکەین بووش لە سەرەتای هاتنەسەرکاریدا، سیاسەتێکی گرتە بەر، ئەو حەقەی بە خۆی دەدا کە هەر وەختێکی قازانجو بەرژەوەندیی وڵاتەکەی خۆی لە خەتەردا ببینێ، زەربەی بەرگریکەرانە بوەشێنێو لە چوارچێوەی ئەوەدا دەبینین کە هێرش بۆ عێراق روو دەدا، هێرش بۆ عێراق بە پێچەوانەی موافقەتی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی، لەو پرۆسەیەدا بێجگە لە بریتانیا، غەرب بەگشتی، رووسیەو چین بەگشتی موخالفی ئەو هێرشە بوون، بۆیە دەبینین تەقریبەن موشکلاتێکی زۆریش بۆ سیاسەتی بووش هاتە پێشێ، بەڵام لە مەرحەلەی دووهەمی هەڵبژاردنی بووشدا، ئەو سیاسەتە تەقریبەن بە هەڵاوەسراوی دەمێنێتەوە، بەڵکوو روو دەکاتە سەر هەماهەنگی لەگەڵ غەربو سازمانی نەتەوە یەکگرتووەکان. بەو سیاسەتە توانیی غەرب لەگەل خۆی هاوتەریب بکا بە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە دژی تیرۆریزم لە دنیاداو دوو سیاسەتی نێونەتەوەیی، ستراتیژیی نێونەتەوەیی ئەمریکاو ئورووپا کە لە واقیعدا خاڵە ئەساسییەکانیان یەکی دەگرتەوە، لە بەشی دووهەمی سەرکۆماریی بووشدا، توانییان لێك نزیك ببنەوە. لەو چوارچێوەیەدا ئاڵوگۆڕێکی کە لە ئورووپا هاتە پێشێ، بەتاتبەتی هاتنە سەرکاری حیزبی دێموکرات مەسیحی لە ئاڵمانو هاتنە سەرکاری سارکۆزی لە فەرانسە، بوون بە هۆی ئەوەی کە دوو پێگەی گرنگ لە ئورووپادا کە وڵاتی بەهێزن، لەگەڵ بریتانیا، زیاتر لە بەشەکانی دیکەش هەماهەنگ ببن لەگەڵ سیاسەتەکانی ئامریکا، چونکە ئەمریکا ئیدی ئەو سیاسەتەی پێشووی لابردوە، ئەوەی کە خۆی بە مێحوەر دادەنا، هاتووە هاوکاری دەکا. لەو پێوەندییەدا دەبینین سیاسەتەکان دەچنە پێشێ.

سیاسەتی پێکهێنانی مەحدوودییەتی زیاتر بۆ ئێران، سیاسەتی بەرەوپێشچوونی پرۆسەی ئاشتیی نێوان ئیسرائیلو فەلەستین، کە لە لایەکەوە ئیسرائیل لەگەڵ سووریە لە رێگای نێوبژیوانیی تورکیەوە لە وتووێژدایە، لە لایەکی دیکەوە بۆخۆی راستەوخۆ لەگەڵ فەلەستینییەکان لە وتووێژ دایە، ئەوانە هەنگاوی بەرەوپێشن، تەنانەت ئیسرائیل باس لە مەسەلەی پاشەکشە لە بەرزاییەکانی گۆلانو مەسەلەی گەڕانەوە بۆ خەتی مەرزیی پێش ساڵی 67 دەکا کە ئەوانە پێشکەوتنن لەو رابتەدا، بەڵام لە بیرمان نەچێ کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە تێکدانی ئەو پرۆسەیەدا زۆر زۆر چالاکە.

لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەتی حیزبی دێموکرات بە نیسبەتی ئەو مەسەلە نێونەتەوەیی‌یەوە کە لە ئارادایە، حیزبی دێموکرات وەك راپۆرتەکە ئیشارەی پێ کردوە، باس لەوە دەکا کە حیزبی دێموکرات پشتیوانی لە پرۆسەی دیالۆگ دەکا، چارەسەری کێشەکان لە مەنتەقەدا بە شێوەی دیالۆگو لەو پێناوەدا پشتیوانی لە پرۆسەی ئاشتیی نێوان ئیسرائیلو فەلەستینییەکان دەکاو پشتیوانی لە هەموو هەنگاوێك کە بەو بۆنەوە هەڵدەگیرێو، زۆر بە جیددی موخالفی دەستێوەردانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە لە کاروباری ئەو ناوچەیەداو، بە پێچەوانەی تەبلیغاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە دەیهەوێ وا بنوێنێ کە خەڵکی ئێران بەگشتی موخالفی ئیسرائیلن، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەو باوەڕەدایە کە گەلی کوردو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هیچ دوژمنایەتییەکی لەگەڵ ئیسرائیل نیە، بەڵکوو خوازیاری ئەوەیە ئیسرائیلیش وەکوو فەلەستینییەکان لە ئاشتیو ئارامشدا پێکەوە بژین کە ئەوە بۆ هەموو ناوچەکە بەکەڵکە. بێجگە لەوانە، ئێمە پشتیوانی لەو پرۆسەیە دەکەین، بە دەلیلی ئەوەی کە چارەسەربوونی ئەو موشکیلەیە لەو ناوچەیەدا، بە جۆرێك یارمەتیدەرە بۆ چارەسەری مەسەلەی باقیی نەتەوەکانی ستەملێکراوو یەك لەوانە کورد لە ناوچەدا. چونکە بەداخەوە تاکوو ئێستا کە

باس لە مەسەلەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەکرێ، لە نەزەر بیروبۆچوونی نێونەتەوەیی‌یەوە زۆرتر مەسەلەی فەلەستین‌و ئیسرائیلییەکان زەق دەبێتەوە. هەر لەو پێناوەدا لە ڕاپۆرتدا ئەوە هاتووە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە توندی دژی ئەوەیە کە تەواوی پرۆسەی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا لە چوارچێوەی سوڵحی بەینی فەلەستین‌و ئیسرائیلدا ببینرێ، بەڵکوو دەبێ مەسەلەی کورد وەکوو واقیعیەتێکی مەوجوود کە ستەمی لێ دەکرێ، خاک‌و خەڵکەکەی دابەش کراون‌و لە هەموو بەشێکدا بە شێوەیەک زوڵمی لێ دەکرێ، ببێتە بەشێک لە پرۆسەی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا لە نەزەر کۆمەڵگای نێونەتەوەیی‌یەوە. حیزبی دێموکرات هەوڵ دەدا بۆ ئەوەی کە بتوانێ ئەو پرۆسەیە لە کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا بەرێتە پێشێ.

**پ: لە کۆنگرەدا باسی بەهێزکردنی خەباتی بەکردەوەی گەلانی ئێران، مەسەلەی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ‌و پێوەندییەکانیان هاتە ئاراوە. ئەگەر بکرێ لەسەر ئەوەش بە کورتی بۆمان بدوێی؟**

و: حیزبی دێموکرات لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە زۆری هەوڵ دا کە بتوانێ ئەگەر بەرەش نەبێ، نەوعێک ئیئتلاف‌و یەکگرتوویی بەینی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی پێک بێنێ، بەداخەوە ئەو پرۆسەیە لەگەڵ هەوڵ‌و تەقەلای زۆری حیزبی دێموکرات کە داویەتی، ئاکامی دڵخوازی نەبوو، بۆیە حیزبی دێموکرات دوای کۆنگرەی 13 کەوتە فکری ئەوەی کە بتوانێ لە نەتەوەکانی ئێرانی کە ئەوانیش وەکوو کورد هاودەردن لە ستەمێك کە لە سەریانەو یەکتری باشتر دەرك دەکەن، بتوانێ هاوپێوەندییەك پێك بێنێ بۆ ئەوەی کە موبارێزەکەیان یەکگرتووتر بکەن بۆ بەرژەوەندییەکی هاوبەش‌و، ئەوە بوو کە بە خۆشییەوە ئەو هەوڵ‌و تەقەلایەی حیزبی دێموکرات سەری گرت‌و کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ پێك هات کە تاکوو ئێستا، تەنیا یەکگرتنێکە لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی دێموکرات‌و پێشکەوتنخوازی ئێراندا. ئاکامی ئەو کارە بۆ ئێمە پێمان وایە کە ئاکامێکی ئەرێنیی هەبووە، ئەوەش دەتوانێ بەربلاوتر بێ. بۆیە حیزبی دێموکرات لەو کۆنگرەیەدا بڕیاری داوە کە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ بەهێزتر بکا. پێم خۆشە هەر لەو چوارچێوەیەدا عەرزت بکەم کە لە حەوتووی ڕابردوودا دانیشتنێك لە بەینی هەیئەتی ئیجرایی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ لە دەرەوە پێك هاتووە، بەرنامەیەکیان داڕشتووە بۆ ئەوەی کە تەماس بگرن لەگەڵ باقیی هێزەکانی کە نوێنەرایەتیی ڕێکخراوەکانی نەتەوەکانی ستەملێکراوی ئێران دەکەن، بۆ ئەوەی کە زیاتر ئەو کۆنگرەیە بەرفراوان کەن، هێزی زیاتر بێنە نێوی، ئێمە هەوڵ دەدەین کە لەو پێوەندییەدا زۆرتر لە ڕابردووش هەوڵ‌و تێکۆشانی خۆمان بەردەوام کەین. ئەوەش دەچێتە قۆناخی دروشمی بەجەماوەریتریکردنی خەباتەکەوە.

**پ: ئەتوانین چاوەڕوانی بەرنامەیەکی دیاری حیزب بین بۆ لێك نزیکترکردنەوەی هێزو تواناکانی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟**

و: دیارە ئەوە کارێکە کە دەبێ لەبەردەستی ئێمەدا بێ‌و لەبەر دەستی هەموو هێزە کوردییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێراندا بێ، بەڵام بەداخەوە ئێستا هەلومەرجێکی موناسب بۆ ئەو کارە لە گۆڕێدا نیە، چونکە بەهۆی ئەو ئینشعابانە کە لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێرانی لە ماوەی یەك دوو ساڵی ڕابردوودا هاتۆتە پێشێ، فەزایەکی بڕێك نادڵخواز لە ئارادایە. ئێستا ئیشکال‌و

گیروگرفتێك كە هەیە ئەوەیە كە لە بەینی بەشێك لەو هێزانەدا ئوسوولەن دانیشتنو دیالۆگ زەحمەتە، وەختێك دانیشتنو دیالۆگ بەزحمەتە، باسكردن لە پێكهێنانی پلاتفورمێكی هاوبەش بڕێك نەگونجاوە، بۆیە ئەمن دەتوانم ئەوەتان پێ بڵێم كە ئێمە هەوڵی خۆمان دەدەین بۆ ئەوەی كە تەئسیر دابنێین لەوەی كە فەزای گونجاو پێك بێ كە بتوانین پێكەوە دانیشین قسە بكەین، دیالۆگ بكەینو ئەو فەزا ئاڵۆزەی كە هەبووە، ئەوە وردە وردە كەم بێتەوە. بێگومان پێكهێنانی پلاتفۆرمی هاوبەش، بەرە یان هەر ئیئتلافێكی دیكە كە نێوی لێ بنێین، دەبێتە ئاكامی ئەو وتووێژانە. ئێمە لەو بارەوە هەوڵی خۆمان دەدەین، كۆنگرەش تەوسیەی خۆی كردوە، هیوادارم كە لەو بەشەشدا بتوانین هەنگاوی موسبەت هەڵێنینو ئاكامی باشی لێ دەست كەوێ.

**پ: وەكوو دوا پرسیار، پێشوازیی حیزبو لایەنو كەسایەتییە سەربەخۆو سیاسییەكان لە كۆنگرەی حیزب چۆن ئەبینن؟**

و: ئێمە بە خۆشییەوە لە مەجمووعەی ئەو پەیامانەی كە بۆ كۆنگرە هاتوون، لە حیزبە سیاسییەكانی ئوروپایی دۆستی حیزب، لە كەسایەتییەكانی ناسراو، لە ئین جی ئۆكانو هەروەها لە حیزبو كەسایەتییەكانی كوردستان، دەتوانم عەرزت بكەم كە ژمارەی ئەو پەیامانە كە بۆ پشتگیری هاتوون، رادەیان یەكجار زۆرەو لە كۆنگرەكانی دیكە زیاترن. ئێمە ئەوانەمان هەموو ئامادە كردون، بەو زووانە وەكوو ئەسنادی كۆنگرە دەیخەینە بەرچاوی خەڵكو خەڵك بۆخۆیان دەتوانن لەو بارەوە قەزاوەت بكەن. ئەو مەجمووعەی پەیامانە لەگەڵ بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆ، لەگەڵ راپۆرتی كۆنگرە، ئەوانە هەموویان بەزوویی ئامادە دەكرێنو دەیانخەینە بەرچاوی خەڵك بۆ ئەوەی كە خەڵك هەرچی زووتر لە نەتیجەو ئاكامی كۆنگرە ئاگادار بنو لەو پێوەندییەدا ئەگەر نەزەراتو بۆچوونێكیشیان هەیە، حیزبی دێموكرات حەتمەن پێویستی هەیە گوێی لە نەزەراتی خەڵك بێو پێشوازی دەكەین لە بیروبۆچوونی هەركەسێكی دڵسۆز كە لەو پێوەندییەدا بیروبۆچوونی خۆیان رابگەیەنن.

**پ: كاك مستەفا من پرسیارێكم نەماوە، زۆر سوپاس، ماندوومان كردیت، ئەگەر شتێك هەیە كە خۆت ویستبێتت باسی بكەیو من پرسیارم نەكردبێ، پێم خۆش باسی بكەی؟**

و: زۆر سوپاستان دەكەن بۆ ئەوەی كە ئەو كاتەتان لە ئیختیاری من نا. شتێكی كە ماوە عەرزتان بكەم ئەوەیە كە لەو مەقتەعە لە دەسپێكردنی دەورێكی نوێ لە كارو تێكۆشانی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران، ئەوەڵەن بە پێویستی دەزانم جارێكی دیكە لە لایەن خۆمو رێبەرایەتیی حیزبەوە سوپاسو قەدرزانییەكی زۆر بكەم لە هەموو ئەندامانو لایەنگرانو دۆستانی حیزب، كە لە تەواوی ئەو مەقتەعەدا لەو شەرایەتە سەختەدا یارو پشتیوانی ئێمە بوونو ئێمە بە یارمەتیی ئەوان توانیومانە حیزبەكەمان سەربەرزانە بێنینە ئاستانەی كۆنگرەی 14و هەر بە پشتگەرمیی ئەوان، دڵنیاین كە دەتوانین حیزب بەرەو كۆنگرەی 15ی بەرینو لە لایەكی دیكەشەوە داوام ئەوەیە كە خەڵك هەر وا دڵسۆزانە لەگەڵمان بن، رێنوێنیمان بكەن، كۆمەكمان بكەن، چونكە بەڕاستی بەرەوپێشبردنی خەباتێكی سەخت لەگەڵ حكوومەتێكی سەرەڕۆی وەكوو كۆماری ئیسلامیی ئێران، پێویستی بە كارو تێكۆشانی هەمەلایەنە هەیە، پێویستی بە یەكگرتنی هەمەلایەنە هەیەو ئێمە لەو پێوەندییەدا دەستی دۆستایەتی بۆ هەموو كوردێكی نیشتمانپەروەر، دڵسۆزو ئازادیخواز رادەكێشینو هیواداریین هەموومان پێكەوە بتوانین

لەو ئیفتخارەدا بەشدار بین کە تەئسیرمان هەبێ لە رووخاندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران‌و هاتنەئارای رێژیمێك یان حکوومەتێکی دڵخوازی میللەتەکەمان کە لەسەر چوارچێوەی دێموکراسی‌و ئازادی‌و حورمەت بۆ مافی نەتەوایەتی دامەزرابێ

..

www.peshmergekan.com

www.peshmergekan.eu

..

سەرچاوە: کوردستان مێدیا

08-10-2008